ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

27
10ی کانونی دووەم/ جەنیوەری 2022

## پەیامەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب لە لاپەڕە ٧ و ٨ و ٩ بخوێنەرەوە



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە بەرنامەی کارو ئاراستەی سیاسی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

بۆ لاپەرە 3



## خزمەتگوزاریەکان چییان لێهات!؟

مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەرە 6



## سەرکەوتنی چەپی شیلی و نەخشی کرێکاران!

نوری بەشیر

سەرکەوتنی هاوپەیمانی چەپ و دەنگهێنانی گابریل بوریکی ٣٥ ساڵە کە هەڵسوڕاوێکی چەپی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران بوو وەک سەرۆکی ئەو وڵاتەو لە هەمانکاتدا شکستی خوان ئەنتۆنیۆ کاست وەک نوێنەری بۆرژوازی و لایەنگری سیاسەتی ئۆگوستۆ پینۆشێتی دیکتاتۆر لە ١٩ی دیسەمبەردا وەک یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکان لە جیهاندا قسەوباسی لەسەردەکرێت.

دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**



## سەرانی کوردایەتی لە ستایشی گەورە تیرۆریستێکدا!

موحسن کەریم

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦ی کانونی دووەم، لە تەلاری هونەر لە سلێمانی مەراسیمی دووەمین ساڵیادی کوشتنی قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی پاسداران کرایەوە. سەرانی کوردایەتی بە گەورەو بچوکیانەوە دەست لەسەر سنگ ڕاوەستابوون و ستایشی ئەم گەورە تیرۆریستەیان دەکرد و وەکو دڵسۆز و فریادرەسی خەڵکی کوردستان دەیان ناساند. ئەم ڕووداوە لە کاتێکدایە کە زارا محمدی ماموستای زمانی کوردی دانیشتووی شاری سنەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی لەسەر وتنەوەی زمانی کوردی سزای ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا!

چەندە شەرمەزاریەکی گەورەیە، ستایشی سەرکردەی دەوڵەتێکی کۆنەپەرستی تیرۆریست پەروەری دژە مرۆیی بکەیت و بە باڵایدا هەڵبدەیت کە ئەو دەوڵەتە تەنها لەسەر ئەوەی ماموستایەک زمانەکەی تۆ فێری منالان دەکات، فێری خوێندن و نوسینی ئەو زمانەیان دەکات کە تۆ بەزمانی رەسمی حکومەتەکەتی دەزانی، لە کونجی زیندان توند بکات وەکو ئەوەی تاوانێکی گەورەی ئەنجام دابێت! چ خەجاڵەتیەکە بۆ سەرانی کوردایەتی کە گەورە تیرۆریستێکی سەرکردەی سوپای تیرۆریستی قودس کە بەرپرسە لە تیرۆرکردنی دەیان هەڵسوڕاوی سیاسی کوردی ئێرانی لە کوردستانی عێراق، وەکو پشتیوان و خەمخۆرو فریادرەسی خەڵکی کوردستان بناسێنن و

بۆ لاپەڕە 2

# درێژەی.....سەرانی کوردایەتی لە ستایشی گەورە تیرۆریستێکدا!

لەبەردەمیدا بچەمێنەوە!؟ چ شەرمەزاریەکە بەناوی بەرگری لە زمانی کورد و نەتەوەی کورد دەیان ساڵ کوڕ و کچی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان بە کوشت بدەیت لە شەڕەکانی خۆتدا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی (غەیرە کورد)دا، کەچی کاتێک دێتە سەر ئەوەی لایەک لە خۆت دەکەنەوە، هەر ئەو تاوانبارانەی هەزاران هاوزمانی تۆیان کوشتوە، کیمیابارانیان کردوە، ئەنفالیان کردوە، لەسێدارەیان داون، زمانی دایکیان لێ قەدەغە دەکەن، هەرجۆرە چالاکیەکی کەلتوریشیان لێ قەدەغە بکەن، کەچی تۆ بە دادوەر و خەمخۆرو دڵسۆزی خەڵک لە قەڵەمیان بدەیت و بانگەشەیان بۆبکەی! بەوە دەڵێن دیپلۆماسی یاخود ئەوپەڕی ڕۆچوونە بۆناو زەلکاوی ڕەزالەت و بێبەهایی و بێ مۆراڵی!؟ کام بزوتنەوەی بۆرژوازی بەڕادەی بزوتنەوەی کوردایەتی بێ شەخسیەت و زەلیلە لەبەردەم دوژمنەکانی خەڵکەکەی خۆیاندا!؟

قاسم سلێمانی، سەرکردەیەکی دیاری ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوو کە دەوری هەبوو لە بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە کوردستان و ناوچەکەدا. دەوری هەبوو لە وێرانکردنی بارودۆخی سیاسی کوردستان و پاشەکشەپێکردنی بەقازانجی کۆنەپەرستی ئیسلامی و دەستی باڵا پەیداکردنی باندە تیرۆریستەکان کە لەناو جەرگەی کوردستانی عێراقدا کە تا ئێستا چەندین نەیاری ڕژێمی ئێرانیان تیرۆرکردوە. دەوری سەرەکی هەبوو لە دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و هیرشکردنە سەر کەرکوک و ناوچەکانی بڕیاری ١٤٠ و تەسلیمکردنەوەی بە حەشدی شەعبی تاوانبار دوای ئەنجامدانی ڕایفراندۆم. ئەو هەموو ستایشەی سەرانی کوردایەتی بۆ قاسم سلێمانی گەورە تیرۆریست تەنها داماوی و زەلیلی خۆیان نیشان دەدات!

ئەمە پیشەی سەرانی کوردایەتیە کە هەمیشە لەبەردەم دوژمنەکانی خەڵکی کوردستاندا بچەمێنەوە. ڕۆژێک تاڵەبانی لەسەر گۆڕی خومەینی تاوانبار دەگری و ڕۆژێک سەدام بە دادوەر ناوزەد دەکات. ڕۆژێک چەکدارانی بارزانی لەپێشەوەی سوپای پاسداران هێرش دەکەن سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانی ئێران و ڕۆژێک لەگەڵ سەدامدا دەبنە هاوخەبات و بە سەرۆک ناوی دەبات و سەدامیش هەولێری لەژێر دەستی یەکێتیدا بۆدەردەهێنێ! سەرانی کوردایەتی هیچ باکیان لەم سیاسەت و کارانەیان نیەو بە شانازیەوە ئەنجامی دەدەن و ناوی دەنێن تاکتیکی سیاسی و دیپلۆماسیەتی سیاسی! بەڵام بەڕاستی ئەم پێست قایمیە و ئەم نانخواردنە بە نرخی ڕۆژ هەر لەوان دەوەشێتەوە. مرۆڤ ئەگەر کەمترین حساب بۆ کەسایەتی خۆی بکات، بەو ئەندازەیەی ئەوان زەلیل و بێ مۆراڵ نابێت! کێ هەیە کەمێک شەرم لەخۆی نەکات و ئەو هەموو ڕووزەردیە قبوڵ بکات، ئەگەر بەڕاستی خاوەنی شەهامەت و مۆراڵ و بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت!؟

ئایا کاتێک خەڵکی شاری سنە لەبەردەم دادگای سنەدا کۆدەبنەوەو نارەزایەتی بەرامبەر بە بڕیاری دادگاکەی ڕژێی ئیسلامی ئێران و قاسم سلێمانی و زیندانیکردنی زارا محەمەدی دەردەبڕن، لەولاشەوە سەرانی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق دەبینن کە ستایشی جەلادەکانی ئەوان دەکات، دەبێ چ هەستێکیان هەبێت!؟ ئایا هەڵوێستی ئەوان چی دەبێت کاتێک ستایشی یەکێک لە جەلادەکانی کوڕو کچەکانی ئەوان دەکەیت؟ بەدروست ئەگەر کەسێک ستایشی عەلی حەسەن مەجید بکات، هەڵویستی خەڵکی کوردستانی عێراق چی دەبێت بەرامبەری؟ هەڵوێستی خەڵکی هەڵەبجەو گەرمیان و قەرەداخ و بەرزانیەکانی قوشتەپە چی دەبێت بەرامبەری!؟ بەڕاستی ئەم سەرانەی کوردایەتی بێجگە لە خەجاڵەتی بۆ خەڵکی کوردستانیش هیچ خێرێکی دیکەیان نیە! ئەوان نەک نانی خەڵکیان بڕیوەو ژیانیان لێکردوون بە دۆزەخ، نەک ئازادییان لەژێر پێ دەنێن و خۆپیشاندەران و خەڵکی وەتەنگهاتوو لە برسێتی و نایەکسانی وەکو تاوانبارو تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن، نەک هەر ئایندەیان لێڵ و تاریک کردوون، بەڵکو بونەتە مایەی شەرمەزاری بۆ خەڵکەش کە بەناوی ئەوانەوە، حوکم دەکەن، قسە دەکەن و خویان وەکو نوێنەری شەرعی خەبات و قوربانیەکانی دەیان ساڵەی ئەوان دەناسێنن! خەڵکی کوردستان دەبێ هەرچی زووە خۆی لەم ناکۆکیە رزگار بکات. ئیتر نابێ بۆگەناوی سیاسەتی ئەوان لەپێی خەڵکی کوردستان بنوسرێت. ئەوان دومەڵێکن لەسەر جەستەی خەڵکی کوردستان و دەبێ بە زوترین کات نەشتەرگەری بکرێن!

**ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بێکاری و بێمافی و ئەو ستەمگەریە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەت و دەسەڵاتەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایانگرتووە، ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن خودی خەڵکی کوردستانەوە.**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە بەرنامەی کار و ئاراستەی سیاسی کۆنگرەی پێنجەمی حزب

ئۆکتۆبەر: کۆنگرەی پێنجەمی حزب لە هەلومەرجێکی سیاسی هەستیاری کوردستان و ناوچەکەدا بەسترا. بارودۆی سیاسی عێراق وکوردستان بەبەراورد بە سەردەمی کۆنگرەی (٤)ی حزب ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتوە. بەتایبەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک چوەتە قۆناغێکی تەواو جیاوازەوە، بەجۆرێک کە بەرپرسانی دەسەڵاتداری هەرێم خۆشیان ناتوانن لەو راستیە چاوبپۆشن! ئایا تا چ ڕادەیەک باسوباتەکانی کۆنگرەو ئاڕاستەی سیاسی- عەمەلی کۆنگرە بەو ئاقارەدا بوو کە ئەم گۆڕانکاریەی لەخۆیدا ڕەنگ دابێتەوە. دەتوانین بە یەک ووشە بپرسین : پەیامی سیاسی سەرەکی کۆنگرە چی بوو؟

خسرەو سایە: بەوجۆرەی کە لەپرسیارەکەی ئێوەشدا هاتووە، هەلومەرجی سیاسی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، بەڵام جەوهەری ئەم ئاڵوگۆرانە، ئەگەر بەکورتی ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کەڕەوتی خەباتی چینایەتی لەکوردستان، لەئەنجامی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوریەی کەسیستەم و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کورد گیرۆدەی بووە، کۆمەڵگای کوردستانی خستۆتە سەر لێواری ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانەوە. بەواتایەکی تر ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار بێتوانایە لەوەلامدانەوە بەکێشە ئابوری و سیاسیەکانی کۆمەلگا و بەخواست و ویستی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، تادێت توانای خۆی لەبەڕیوەبردنی کۆمەڵگا لەدەستدەدا و لەبێئاسۆیی و چاوەڕوانیەکی بێهودەدا بەدیار دۆخی عێراق و ناوچەکەوە، دەستوپێ دەکوتێ. ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخەش لەسەر دەسەڵات تادێت قەڵشت و ناکۆکی نیوان حزبەکانی نیو حکومەت و پەرلەمان بەرینتر دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە خودی ئەوەی کە ناکۆکیەکانی نیوان دەسەڵات و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و بەهێزی جەماوەری، هێناوەتە مەیدانەوە و هەر ڕۆژە یەخەی دەسەلات دەگرێ، بەپێوسیت کۆمەلگای کوردستانی خستۆتەبەردەم گۆڕانکاریەکی بێگەڕانەوەوە. دۆخێکی ئاواش فرسەتێکی بۆ چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش ڕەخساندووە تا هەنگاو بەرەو کۆتاییهێنان بەو دۆخە هەڵگرن کە ٣٠ ساڵە ژیانی ئەوانی گیرۆدەی سەدان دەردو مەینەتی کردووە. دروست کۆنگرەی پێنجەمی حزب هەروەک ئەوەی بەدروشمی "بەرەو ڕێکخستن و رابەریکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری" سازدرا، بەچاوبڕین لەم مەوقعیەتەی خەباتی چینایەتی و بەئیلهام وەرگرتن لەڕۆڵی چینی کرێکارو ئەو جولانەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی کە لەمەیداندایە، ستراتیژیەکی سیاسی و کارنامەیەکی عەمەلی پەسەند و گەڵاڵەکردەوە، تا لەڕێگایەوە، ڕەوتی بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم جولانەوەیەو ئەم بزوتنەوە جەماوەریە بەرەو شۆڕش و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە، بەدەستەوە بگرێ و ئاسۆو ئاڵایەکی چینایەتی و ڕێگای دەربازکردنی کۆمەلگای کوردستان لەم دۆخە بخاتەبەردەم کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانەوە. لەلایەکی تریشەوە کۆنگرەی پێنجەمی حزب بەڕاوەستان لەسەر تواناییەکان و خاڵەبەهیز و لاوازەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و ئەزمونیک کەتائیستا لەخۆی نیشانداوە بەو ئەنجامە بگات کەخەبات و نارەزایەتیە جەماوریەکان، بەبێ ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەو بەبێ ڕابەری حزبێکی بەهێزی چینی کرێکار و خەباتی کۆمۆنیستە کرێکاریەکان، کەهەنگاو بەهەنگاو نارەزایەتیەکان ڕێکخراو و ڕابەری بکا و سەرەنجام هاوسەنگی هێز لەنێوان جەماوەری نارازی و چینی دەسەلاتدارادا بەقازانجی کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی ئیستاو بردنی کۆمەلگا بەرەو دەسەلاتدارێتی جەماوەری و سیستەمێکی ئابوری و سیاسی تر کەخواستەکانی خەڵک بۆ نانو کارو ئازادی دەستەبەر بکات، لەتواندا نییە. هەروەک ئەزمونی خۆپیشاندان و گردبونەوەو نارەزایەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی سەلماندویەتی، کەئەم دەسەڵات و سیستمە نەچاکسازی هەڵدەگرێت و نەدەتوانێ وەلام بەسادەترین خواستی جەماوەر بداتەوە، کەوایە تەنها ڕێگا ئەوەیە کەخەبات و نارەزاەیەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەئاسۆیەکی تری شۆڕشگێرانەو بەسونەتێکی تر ڕێبەری و ڕیکخراو بکرێ، کەبتوانێ ئامانجەکانی جەماوەر لەیەک کردەی شۆڕشگێرانەدا بەدەست بێت. هەربۆیە تەواوی باس ومەسەلەکانی کۆنگرەی پێنجەم لەسەر ئەم بابەتە چەقی بەست وهەر ئەمەش بوە ئاڕاستەو ئاقاری باس و بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە.

لەیەک وتەدا ئەگەر بلێم پەیامی سیاسی کۆنگرەی پێنجەمی حزب چی بوو، بۆ جەماوەری نارازی، هەر ئەوەیە کەبڵێم ئەگەر دەمانەوێت بەخواستەکانی نان و کارو باشبژێوی بگەین، ئەگەر دەمانەوێت بارگرانی و نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەو بێکاریە لەڕادەبەدەرەی کە هەیە لەسەر شانی خۆمان هەڵگرین، ئەگەر دەمانەوێت سنورێک بۆ سیاسەتی نەدان و لێگرتنەوەی موچەو ئەو باجگیری و

⇦

تاڵانچییەی دەسەڵاتداران دابنێن، ئەگەر دەمانەوێت کۆتایی بەو دەسەڵات و سیستمە بهێنین کە بۆرژوازی کورد ژیانی ئێمەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەسەرکوت و نائارامی و گێژاو و دەیان دەرد و مەینەتیدا راگرتووە، ئەوا ڕیگایەکی ترمان لەپێش نیە جگەلەوەی کە ڕیزی نارەزایەتیەکانی ئێستا و خەباتێک کەکرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و سەرجەم ئازادیخوازان دەستیان بۆ بردووە، لەژێر ئاڵای بزوتنەوەیەکی سیاسی و شۆڕشگێرانەی سەربەخۆدا، کۆبکەینەوەو لەجەرگەی ئەم خەباتەشدا پێداویستیەکانی وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو هێنانەکایەوەی سیستەمێکی ترو دەسەڵاتێکی تر کە ژیان و بژێوی و ئازادیی تێدا میحوەربێت، ئامادەبکەین.

**ئۆکتۆبەر: سەربارى ئەو ئاڕاستەو پەیامە سەرەکیەی کە کۆنگرە لە باسو بابەتەکانیدا بەرجەستەی کردبوو، کۆنگرە کۆمەڵێک پەیامی سیاسی بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو. دەکرێ هۆکاری نوسین و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟ ئایا کارێکی نەریتی و تەقلیدی بوو کە وەکو کۆنگرە کۆمەڵێک پەیام بدات یان هۆکارێکی سیاسی لە پشتی ئەو پەیامانەوە ڕاوەستاوە؟**

**خسرەو سایە:** لەراستیدا پەیامەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب بەچین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بەپێی بڕیارێک کە لەکۆنگرەدا پەسەندکرا، نوسران وبڵاوکرانەوە. ئەمەش لەبەرئەنجامی دوو ڕۆژ لەقسەوباسکردن لەسەر ئەو بەڵگەنامانەی کەخرابوونە بەرنامەی کاری کۆنگرەوە، پێی گەیشتین، کەڕوویان لەدارشتنی ستراتیژی سیاسی و بەرنامە عەمەلی ئەم دەورەیەی حزب بوو، کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەڕەوتی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستای خەڵکی کوردستانەوە هەیە . لەم چوارچیوەیەشدا، دانی پەیامەکان، کارێکی تەقلیدی و نەریتێکی باوی حزبی نەبوو، بەڵکو ئامانج لێی ئاگادارکردنەوەی ئەو چین و توێژانەیە لەئاڕاستە سیاسیو عەمەلیەکەکانی ئەم دەورەیەی حزب کە کۆنگرە لەسەری برایەوە.

بەواتایەکی تر مەبەستی سیاسی پشتی پەیامەکان، لەلایەک ڕاگەیاندنی هەڵویستی هاوپشتی و ڕاوەستانی سەریح و ڕۆشنی حزبە لەکەنار خواست و هەوڵ و تێکۆشانێک کەنارازیانی کۆمەڵگا بۆ باشبژێوی لەخۆیان نیشانیانداوە و لەلایەکی تریشەوە بانگەوازێکە بەچین وتوێژە نارازیەکان، کەنەک هەر حزب خۆی بەبەشێک لەوان و خەباتەکەیان دەزانێ، بەڵکو بەخەباتی بەیەکگرتووانەی هەموان و بەکۆبوونەوەو بەهێزکردنی ئەم حزبە دەتوانرێ خواستەکانمان بەدەست بهێنین و کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسان و خۆشگوزەران دامەزرێنین.

**ئۆکتۆبەر: بێجگە لە نوێنەرانی کۆنگرەی پێنجەم، کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری لە کۆنگرەدا وەکو میوان ئامادە بوون، لەکاتێکدا کۆنگرە بەشێوەیەکی ئاشکرا نەبەسترا و باسو بابەتەکانی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵگا و میدیاکان بڵاونەکرایەوە. دەکرێ بپرسین کە ئەو هۆکارە سیاسی و ڕێکخراوەییە چی بوو وایکرد ئێوە بەوجۆرە مامەڵە بکەن؟ ئایا میوانەکان تەنها وەکو چاودێر لەوێ بوون یان مەسەلەیەکی دیکە لە بانگێشتی ئەواندا بۆ هۆڵی کۆنگرەیە دەوری هەبوو؟**

**خسرەو سایە:** کۆنگرەی پێنجەم بەو شێوازە نەبوو کە لەنیوان "کۆنگرەیەکی مەخفی وەیا عەلەنی"دا مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بەڵکو ئەم کۆنگرەیە کەبەدوای دەورەیەک لەکارو پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەشێک لەهەڵسوراوان و رابەرانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان و قسەوباسی هاوبەشی نیوانمان لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان، سازدرا، بۆیە ئێمە شێوازێکمان گرتەبەر تا خودی کۆنگرە ببێتە وێستگەیەک بۆ درێژەدان بەم هەوڵو خەباتە. شێوازێک کەبتوانین و تائەو جێگەیەی مومکینە و فرسەتمان دەبێ هەڵسوراوان و ڕابەرانی نارەزایەتیەکان شەریک بکەین لەقسەوباسەکانی حزب و ئەو سیاسەت و هەنگاوە عەمەلیانەدا، کەکۆنگرە لەسەری ڕاوەستاوە. ئێمە بەپێچەوانەی سونەتێک کەحزبەکانی نیو خانەوەدای دەسەڵات پەیڕەوی لێدەکەن، ئەویش بە پیاهەڵدان و مەدح وسەنای خۆیان و لەقاودانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان، هەوڵدەدەن ئەو ڕاستیانە ئاوەژوو بکەنەوە کەبەشێکە لەناسنامەی چینایەتیان ودواتریش لەسەر هەمان سیاسەت و کارنامەی سەرکوتگەرانەو دژی خەڵکیان دەستبەکار بن. ئەوەش ڕاستە کەئێمە میدیاکانمان دەعوەت نەکرد، بەلام باسو مەسەلەکانی کۆنگرە خرانە بەردەست میوانانی کۆنگرە کەلەبەشە نارەزایەتیەکانی جەماوەرەوە هاتبوون. بۆیئمە خاڵی گرنگ لەم قۆناغەدا ئاوێزانبونمانە لەگەڵ مەسەلەو مەشغەلەی فکری و سیاسی و عەمەلیەکانی هەڵسواروان و شەریک کردنیانە لەو سیاسەتو هەنگاوە عەمەلیاندا کەحزب خستویەتیە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

تا ئەو جێگەیەشی بە میوانان دەگەڕیتەوە، ڕۆڵی ئەوان بۆئێمە هەم بۆ زامنکردنی چاودێری ئەوان و هەم بۆ دانی فرسەت بوو بە دەخالەتکردنیان، لە دارشتنەوەو پەسەند کردنی ئەو سیاسەت و نەخشەکارەدا کەکۆنگرە خستبویە بەرنامەی کاریەوە. هەروەها، بانگهێشتکردنی میوانەکان، ئەو مەبەستەشی لەپشتەوەبوو، تا ڕیزیک لەهەلسوراوانی کۆمۆنیست و جولانەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە وەک میوان ئامادەی کۆنگرەبوون لەنزیکەوە ئاشنا بکەین بەکەسایەتی وشیوازی کارکردنی حزب و ئەو یاساو نەریتانەی کەکاری پێدەکات. هەروەک ئەوەش کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەکۆنگرەکەی خۆیدا باس لەخۆئامادەکردن

بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین دەکات، دەبێ ببینە حزبی هەڵسووڕاوان و ڕابەرانی بەشە نارازیەکانی کۆمەڵگا و لەبەردەست ئەوان دابێ و لەنزیکەوە بیانسن و بواری ئەوەشیان هەبێت کە ڕەخنەو سەرنجەکانی خۆیان ڕاشکاوانە لەبەرامبەریدا بخەنەڕوو. دروست لەکۆنگرەی پێنجەمی حزبدا بەپێی ماوەیەک کەبۆی دیاری کرابوو، فرسەتێکی باش درا بە میوانەکان تا ئازادانە ڕەخنە بگرن و باری سەرنجی خۆیان لەسەر هەر گۆشەیەک لەکارو سیاسەتەکانی حزب بەیان بکەن.

**ئۆکتۆبەر: بەپێی پێوانە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان تا چ ڕادەیەک کۆنگرە سەرکەوتوو بوو، ئایا تا چ ڕادەیەک کۆنگرە دەتوانێ مۆرکی خۆی لە هەڵسوڕانی ئایندەی حزب بدات بەوەی کە حزب بەرەو سەنتەری کێشمەکێشە سیاسیەکانی کوردستان بەرێت و وەکو هێزێکی کاریگەر لەسەر گۆرەپانی سیاسی نەخشی شایستەی خۆی بگێڕێت؟ بەڕای ئێوە ڕابەری نوێی حزب دەبێت چی بکات بۆئەوەی ئەو پەیامەی کۆنگرە بخاتە سەر ڕێچکەی جێبەجێ بوون؟**

خسرەو سایە: ئەگەرچی دەکرێ لەزۆر لایەنەوە کۆنگرەی پێنجەم هەڵسەنگێندرێ و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دیاری بکرێ، بەڵام سەرکەوتوبوونی کۆنگرەی پێنجەمی حزب، هەر لەو ڕووەوە نیە کە کۆتایی بەدەورەیەک لەخەبات و تێکۆشان هێناوەو ئێمەی خستۆتە سەر ڕێچکەی دەورەیەکی تازە لەکارو هەڵسورانی حزبی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لەو خاڵەدا بەرجەستەیە کەحزبی لەسەر ستراتیژ و سیاسەتێکی جیاواز لەهەموو حزبەکانی تر بەراست و چەپەوە، ساغکردۆتەوە. بەسەرنجدان لەو بەڵگەنامانەی کە لە کۆنگرەدا پەسەند کران، بەڕۆشنی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ و ئێتر کادران و بەشدارانی کۆنگرەش دەزانن کەحزب مەسەلەو مەشغەلەی چیە. ئەمە بۆ ئێمەو جولانەوەی کۆمۆنیستی وخەڵکی نارازیش دەستکەوتێکی گەورەیە. بەڵام ئەوەی کەئایا دەتوانرێ حزب ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، ئەمەیان بەدەوری ڕابەری حزب و کادرەکانیەوە بەندە. هەروەک وتراویشە، ئینسان خۆی مێژوی خۆی دەسازێنێ، کەوایە ئەگەر باش کار بکەین وهێزو توانای حزب بەواقعی و عەمەلی بخەینەگەر، ئەوا نەک هەر فرسەتێک لەئارادایە، بەڵکو دەکرێ و دەتوانرێ کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، بەپشت بەستنو کارکردن لەسەر جولانەوە نارەزایەتیەکان و دۆخێکی قەیرانگرتوو کەچینی دەسەڵاتدار تێیدا چەقیوە، وەک هێزێکی سیاسی و کاریگەر ڕۆڵ بگێڕێ و بچێتە سەنتەری کێشمە کێشە سیاسیەکانەوە و ئەم دەورەیەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕووەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو هەڵگرێ. بێگومان لەم ڕێچکەیەدا ڕۆڵی ڕابەری خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە و دەبێ ئاڵوگۆڕی جدی بەسەردا بێت، بەتیابەتیش دەبێت وەک ڕابەری کۆمەڵگا دەرکەوێ و حزب وەک هێزێکی سەرەکی لەبەرامبەر دەسەڵات و گشت دۆخی سیاسی ئیستای کوردستان و ناوچەکەدا، ڕێبەری و ڕینوێنی بکات. بەدیاریکراویش لەقۆناغی ئێستادا ڕابەری نوێ بۆئەوەی بتوانێ پەیام و ئاراستەی کۆنگرەی پێنجەم بەکردەوە دەربهێنێ، دەبێ هەوڵ بدات حزب بگۆڕێ بەحزبی ڕابەران و هەڵسوراوانی بەشە نارازیەکانی کۆمەڵگا و خۆی ببێت بەبەشێک و پەیکەربەندی ئەم بزوتنەوەیەو سەرەنجام ڕابەریەکی سەراسەری و محەلی لەدەوری ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانەو عەمەلی تەئمین بکات، هاوکات دەبێ ڕێکخستنی کۆمۆنیستی و حزبی لەئاست شارەکان و ناوەندەکانی کاروژیاندا دامەزرێنێ وبرەوی پێبدات. دەبێ ڕابەری لەو میکانیزمانەی لەبەردەستدایەو ڕەوتی خەباتی چینایەتی دەیهێنێتەپێشەوە، فرسەت وەربگرێ بۆ دەخاڵەتکردن و ڕێکخراوکردنی جەماوەر لەشورا و هەر شێوەیەکی تری ڕێکخراوەییدا و تێبکۆشێت بە وەلانانی ئەو ئاستەنگیانەی کە لەسەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانە جەماوەریەکان و بەرەو پێشەوە چونی، سەرهەڵدەدات.

★


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : **موحسن کەریم**

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

# خزمەتگوزاریەکان چی لێهات!؟

مەهدی ڕەسوڵ

یەکێک لە بنەماکانی دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بریتیە لە گەشەپێدانی باری کۆمەڵاتی و دروستکردنی ژێرخانی ئابوری، بەجۆرێک کە لانی کەم خەڵک بتوانێت نە فەسێک هەڵکێشی وهەست بەئارامی بکاو بتوانێت دەستی بە پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی بگات.لە کوردستان زۆرشت هەیە کە بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ شکڵوشێوازی ژیاندا لە هەرشوێنی دنیا. لە زۆرشوێن و وڵات دەبینین کە نە خاوەنی نەوتە ونە خاوەن ژێرخانێکی ئابوری هێندە بەهێزە کەچی جۆرێک لە بەڕێوەبردن و دابینکردنی لانی کەمی ژیانی تیدا فەراهەم کراوە کە کەمێک بارگرانی لەسەر خەڵک سوککردووە. هیچ وڵاتێک نییە کە لانی کەم بەشێک لە خزمەتگوزاریە زەرورییەکان بۆهاوڵاتیانی خۆی دابین نەکات. دامەزراوەکانی دەوڵەت بەجۆرێک سازدراوە کە لەداهاتی باجوخەراج بەخۆرایی یاخود بە نرخێکی رەمزی بەشێک لەخزمەتگوازریە زەرورییەکان دەسەبەربکات.

لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەلات و دامەزراندنی حوکمەت لەکوردستان ساڵ دوای ساڵ لە جیاتی بەرەو پێشچون و گەشەسەندنی کۆمەڵاتی وچاکترکردنی وەزعی خەڵک ودابینکردنی خزمەتگوزایەکان بەشێوەیەک کە باشتربێت لەوەی پێشترهەوو، تادێت خراپتر دەبێت. هەر لە رێگاوبانەوە تادەگا نەخۆشخانەو کارەباو ئاوو پەروەردە و دروستکردنی باخچەو شوێنی گەشتوگوزارو حەوانەوەی خەڵک، گشت ئەمانە کە دەبێ خەڵک بە نرخێکی رەمزی دەستیان پێرابگات، هەمووی لەچاوجاراندا یان بۆتە دوقات وخەڵک بەناچاری دەبێ لەسەر حسابی قوتی رۆژانەی خۆیان تەئمینی بکەن، وەک ئاو کارەبا سوتەمەنی و دابینکردنی نرخی خوێندن ..هتد ، یان بەتەواوی لێی مەحرومەو دەستی پێرانەگات وەک سەیرانگەو شوێنی یاری منداڵان و ....ئەمە لەکاتێکدا کە لە کوردستاندا نەخۆشخانەی زۆر پێشکەوتوهەیە، هوتێل وشوێنی کات بەسەربردنی زۆر هەیە کە تەنها دەوڵەمەندان دەتوانن لێی بەهرەمەند بن. ئەوەندە وەسائیل زۆرە بەشی چوار هێندە لەخەڵکی کوردستان دەکات و بازار سیخناخە بە کەلوپەل، کەچی بەشی هەرەزۆری خەڵک دەستی بەو کەلوپەلانە ناگات. ئەم وەزعە لەویوە سەرچاوەی نەگرتووە کە هەندێک دەڵێن ئەمانە نازانن وڵات بەرن بەرێوە، ئەگەر تەنها لە خاوەن بروانامەو سیاسەت مەدارەکانەوە سەیرکەین دەبینین کە خەڵکی بەتوانای تیدایەو خاوەن ئەزمونێکی زۆرن وچەندین ساڵ لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقدا کاریان کردووە. هەزارەها خاوەن شەهادەی بەرزیش هەیە کە بێکارن! لەوبارەوە کوردستان هیچ کەموکوریەکی نییە. کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە لە کورستان لەسایەی دەسەلاتی حزبی چەکدارو ناجێگیری ئەوزاعی سیاسی و بنبەستی سیاسی وسەرلێشیواوی ئەم حزبانە، خەڵکی کوردستانی بەم وەزع مەگەیاندووە کەتیدایە نە حوکمەت حاکمە و نە قانون کاردەکات و نە دامەزراوە دەوڵەتیەکان دامەزراوەن! بەرواڵەت هەمووشت هەیە؛ داهات کۆدەکرێتەوەو باجوخەراجێکی زۆریش لەخەڵک وەردەگیرێت، هەربەنەمونە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ وەرگرین، هەریەکەیان بەقەدەر بیرە نەوتێک داهاتی هەیە، هەم دەتوانێ کارمەندەکانی خۆی بژێنێ و هەم خزمەتی گشتیشی پێ بکرێ، بەڵام نەک هەر کەس نازانێت داهاتەکەی بۆکوێ دەچێت، جاری واهەیە کارمەندەکانی خۆشی بۆماوەیەک موچەکانیان دوادەکەوێ.

ئەم هەلومەرجە بەجۆرێکە کە بەشێکی زۆری لەخەڵک توشی نائومیدی کردووە و بەشێکیش بەئاسانی ناتوانێت پارەی ژیانێکی کولەمەرگی پەیدابکات. با وایدانین کە خەڵک رازیە بەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان هاوشێوەی ئەورووپا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرێوەببرێت و بە خۆرایی نیە، بەڵام لە ئەورووپا هەم بیمەی تەندروستی هەیەو هەم بیمەی بیکاری و خانوو. خەڵک بریک پارە دەدەن بۆ خزمەتگوزاریەکان و بێگومان ئەوانیش بەشێوەی جیاواز دەکەونە ژێر فشاری کۆمپانیانیا قازانجپەرستەکان، بەڵام خۆ لە کوردستان نە هەلی کار هەیە، نە بیمەی بێکاری و تەندروستی و.. تاد. ئیتر چۆن خەڵک بتوانێت پارەی دوو کارەبا ودوو ئاو بدات! چۆن دەتوانێت لەو نەخۆشخانانەی کە بەپارەن کەڵک وەرگری بەگیرفانی خاڵیەوە!؟ ئەوەی کە خەڵکی هێشتوەتەوە ناچاریە ونەبونی ئاسۆیەکی رۆشنە لە بەردەمیدا، ئەگەرنا بێزاری خەڵک گەیشتۆتە ئەوپەری وبنبەستی سیاسی دەسەلاتدارانیش بەوپەری خۆی گەیشتووە و چاوەروانی بزانن گۆرانکاریەکان و ئەوزاعی سیاسی جیهان و ناوچەکەش چ پێشهاتێک دێنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندیان بگونجێت وخۆیانی پێوە گرێ بدەنەوە. بۆیە پەلەقاژەی ئەوان بەجۆرێکە کە دەست بۆهەموشتێک دەبەن لەپێناوی مانەوەیان، ئەوەش بۆیان گرنگ نییە خزمەتگوزاریە گشتیەکانە و پشتگوێ خستنی مافو خواستەکانی خەڵکە، بەڵام ئەم هەلومەرجە قابیلی مانەوە نییەو هەر لەحزەیەک و بەهەر بۆنەو موناسەبەتێکەوە بێت خەڵک جارێکیتر دەخرۆشێ و دەرچون لەم هەلومەرجەش لەدەست خەڵکی نارازیدایە. دۆزینەوە ی دەرچەیەک لەم وەزعە مەحاڵە بێ کۆتایی هێنانی دەسەلاتی ملیشایی چەکدارو گۆرینی سیستەمی سیاسی بە سیستەمێک کە لەلایەن خەڵک خۆیانەوە بەرێوە ببرێت.

★

# پەیامەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب !

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ چینی کرێکار!

هاورێیانی کرێکار... سڵاوی خەبات و تێکۆشانتان لە کۆنگرەی پێنجەمەوە ئاراستە دەکەین

هاورێیان!

کۆمەڵگەی کوردستان لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی گەورەدایە. جەماوەری بێبەشی کوردستان، هاتونەتە مەیدان. کارگە و کارخانە و ناوەندەکانی کار تا دەگاتە شەقامی شارەکان و هەموو گۆشە و کەنارێکی ئەم کۆمەڵگەیەسەرریژە لە تورەیی و نارەزایەتی فراوانی جەماوەری لەپێناو خواستە رەوا و رۆژانەیی و سنفی و دەستبەجێکانیان و هاوکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تالانچی بزووتنەوەی کوردایەتی لە پێناو"نان و ئازادی و ئایندەیەکی سیاسی رۆشن" دا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێویستە زامنی ئەوە بکات کە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە رێگای سەراسەری کردنەوەی نارەزایەتیەکان و رێکخراوبوون و بەدەستەوەگرتنی ئاسۆیەکی شۆرشگێرانەوە، بەخێرایی و بە کەمترین دەردەسەری و قوربانیدان، بچێتە پێشەوە. بۆ ئەم مەبەستەش چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان دەبێت ببنە رابەری راماڵینی ئەم دەسەڵاتە نەگریسەی سەرمایە و سەرمایەداری.

هاورێیانی کرێکار!

بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری لەگەڵ ئەوەدا بۆ راماڵینی دەسەڵات لە مەیداندایە، هاوکات ئەرکێکی هەرە گرنگ و چارەنووسسازی بۆ جێخستنی ئەڵگۆ و جۆرێکی تری دەسەڵاتداریتی لە ئەستۆیە، کە زامنی خۆشگوزەرانی و ئازادی و گێرانەوەی شکۆ بۆ تاکەکانی مسۆگەر بکات، ئەوەش لە گرەوی ئەوەدایە کە خەبات و تێکۆشانی ئێستا، لەژێر ئالا و ئاسۆیەکی سیاسی شۆرشگێرانەدا بچێتە پێشەوە. ئایندەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران و ئینسانی و بەرابەر، لە ئێستاوە بینا دەکرێت. ئەوە لە تواناداایە کە کۆمەڵگەی خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوە، خاڵی لە هەژاری و گرانی و بێکاری، خاڵی لە سەرکوت و بێمافی، خاڵی لە چینی بالادەست و ژێردەست، خاڵی لە خورافە و هەڵاواردن و نەریتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوو، بە کورتی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی بینا بکرێت. کۆنگرەی پێنجەمی حزب لەسەر رۆڵ و نەخشی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ رابەری بزووتنەوەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا و بیناکردنی ئاییندەیەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشگوزەران لە کوردستاندا پێداگری کردەوە.

هاورێیان!

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی دەسەڵاتداریتی و بێ ئاسۆیی سیاسی بەرەو رووە، بن بەستە لە وەڵامدانەوە بە خواست و داواکارییەکانی کرێکاران و جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستان. ئەم دەسەڵاتە لەهەموو مەیدان و زەمینەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیدا، شکستی خۆی نیشانداوە. جەماوەری کوردستان هیچ متمانەیەکیان بەو دەسەڵاتە نەماوە و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیش زۆر لەوە شکستخواردووتر و بودەڵەترە ئەو دەسەڵاتە لە داروخان رزگار بکات، یان بتوانێت رێگایەک بۆ چاکسازی بخاتە روو. هەر ئەو واقعیەتە بوار دەدات بە چینی کرێکار و کۆمۆنیزم کە رۆڵی شایستەی خۆی بۆ سازدان و رێکخستن و رابەریکردنی شۆرش بۆ هەڵپێچانی دەسەڵاتی ئێستا بگێرێت و کۆمەڵگەیەکی تر بیناباکات، کە ئیرادە بۆ ئینسان بگێرێتەوە و دنیایەکی باشتر دابمەزرێنێ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئاڵاهەڵگری دامەزراندنی ئەو دنیا باشترەیە، بۆیە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و بە حزبی بەرپاکەری شۆرشی کرێکارییەوە، پەیوەست بن.

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری**

**کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

## پەیامی کۆنگرەی پێنجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ خوێندکارانی نارازی!

خوێندکارانی نارازی، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی ئێوە بۆ داخوازیە رەواکانتان لە چەشنی دەرماڵە و باشبژێوی و چاککردنی بەشە ناوخۆییەکان مایەی پشتیوانی ئێمە و تەواوی خەڵکی کرێکار و بێبەش و ئازادیخوازان بوو.

نارەزایەتیەکانی ئێوە کە هەم بە شێوەیەکی فراوان و تا رادەیەک سەراسەری هاتە مەیدان و هەم بەو جۆرەش بە بەرفراوانی لەلایەن خەڵکی هەژار و بێبەشەوە پشتیوانی لێکرا، بەشێکە لەو نارەزایەتیە گشتیە جەماوەریەی کە سالانێکە لە دژی ئەم دەسەڵاتە مشەخۆرەی کە نوێنەرایەتی سەرمایەداران و چینی بالا ئەکات، بەرێکەوتووە بۆ دابینبوونی موچە و کار و ژیانێکی باش و ئاسودە و هەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و ئاو و کارەبا و..... هتد.

لە روانگەی ئێمە هەمووانەوە کە هاوبەرژەوەندین، ئەم دەسەڵاتە وەک

هۆکاری سەرەکی موسیبەتەکانمان، تەنها قابیلی ئەوەیە کە بەڵاکەی لەسەر سەری ئەم کۆمەڵگەیە لاببەین. بەڵام پێویستە خەبات بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە هاوشان و هاوتەریبی ئەو خەباتە جەماوەریە ببینین کە سەرئەنجام چارەنووسی ئەم کۆمەڵگەیە لە دەستی ئەوان دەردێنێ و ئەیخاتە دەستی خەڵکێکی بێبەشەوە کە ئەتوانن دەسەڵات و ژیانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی یەکسان بەڕێوەبەرن.

جوڵانەوەی ئێمە بۆ سەپاندنی داخوازیەکان بۆ دەرماڵە و باشبوونی هەلومەرجی بەشە ناوخۆییەکان و دابینبوونی سیستمێکی خوێندنی مۆدێرن و پێداویستیەکانی بە خۆڕایی، پێویستی ئەوە ئەخاتە بەردەممان کە ڕیزەکانمان لە ئاستی گشت شار و شارۆچکەکاندا یەکگرتوو و ڕێکخراو بکەین. ئەمە زامنی سەرکەوتنی نارەزایەتیەکان و بەدیهاتنی خواستەکانمانە. هاوکاتیش هەنگاوێک لەگەڵ نارەزایەتی گشتیدا بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە ئەمانباتە پێشەوە. کۆنگرەی پێنجی حزب جارێکی تر پشتیوانی خۆی بۆ نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران ڕائەگەیەنێ و بە تەواوی توانایەوە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی تێئەکۆشێ.

**بۆ پێشەوە لە پێناو دابینبوونی پێداویستیەکانی خوێندن و ژیانێکی شایستە بۆ خوێندکاران!**

**کۆنگرەی پێنجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**بەدەستهێنانی کاری گونجاو بە موچەی شایستەوە خواستی هەموومانە!**

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بۆدەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان ولاوانی ئامادەبەکار!

دەرچوانی زانکۆوپەیمانگاکان، لاوانی ئامادەبەکار!

کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ڕۆژانی ١٧و ١٨ی دیسێمبەری ٢٠٢١، بەڕێوەچوو. لەو سۆنگەیەوە کە بارودۆخی ناهەموار وپڕلەزوڵمو ستەمگەریەک، کە٣٠ سالە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە کراوەتە نسیبی خەڵکی بەشمینەتی کوردستان وخەباتێکی لێبڕاوانە کەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخەگرتویەتیەبەر، کۆنگرەی پێنجەمی حزب بەئەرکی خۆی زانی کە لەسەر هەوڵ وخەباتێک کە ئێوە بۆ بەدەستهێنانی نان و هەلی کارلەیەکساڵی ڕابدرووودا دەستتان بۆ بردووە، پەیامی هاوپشتیو پشتیوانی بۆ خەباتو داخوازیە بەرهەقەکانتان بنێرێ ولەکەنارتاندا ڕاوەستێت.

کچان وکوڕانی ئامادەبەکار، ئەی ئەوانەی کەدوای ساڵانیکی زۆر لەهەوڵو ماندووبون و تەواوکردنی خوێندن، هێشتا چاوەروانی بەدەستهێنانی کارن، خواستی نانو کار، خواستی هەمووومانەو هەر بەمپێیەشهەوڵوتێکۆشانی ئێوە بەشێکی گرێدراوی جوڵانەوەیەکە کەبۆ نانو کار و مەعیشەت وباشکردنی دۆخی ژیان، هەررۆژەو لە هەر گۆشەیەکی ئەم کۆمەڵگایەوە، بۆ داخوازیەکی ڕاوەو سەرەتایی یەخەی دەسەڵاتداران دەگرێ. بێگومانئەوە حکومەتوچینی دەسەڵاتدارەکەلەئاست دابینکردنی نانو قوتی خەڵکی هەژارو برسیدا خۆی بەبەرپرس نازانێ و لەبەرامبەر دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجانو دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان خۆی دەزێتەوە وئامادەنییە وەڵام بەسەرەتاییترین مافی هاولاتیانی ژێردەستی بداتەوە.ئەم حکومەتە وەک ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکانە، سیستمێکی بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپاندووە، کەتەنهاوتەنها بەرژەوەندی وقازانجی سەرمایەدرانو خاوەن کۆمپانیاکان لەبەرچاوبگرێ و ژیان و کارو گوزەرانی خەڵکی بێبەشی کوردستانیش لەبەردەم بازاڕی بێڕەحمی قازانجپەرستی وگەندەڵخۆری مشتێک لەسەرمایەدارو خاوەنکۆمپانیاو کاربەدەستانێکی گەندەڵو مشەخۆردا، هەڕاج بکات.

بەڵام ئەم دەسەڵاتو سیستمە کەسەراپا نوقمی ستەمو ناعەدالەتیەو پێچەوانەیە بەژیان وبژێوی خەڵکی کوردستان، لەئێستادا پایەکانی لەرزیوەو گیرۆدەیە بەقەیرانێکی قوڵ وهەمەلایەنە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەدەستدەدات. ئەمەشئەو فرسەتەی خستۆتەبەردەم ئێمە جەماوەری بێبەش وناڕازی کوردستان، تا چارەنوسی خۆمان لەدەست بگرین و ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە بگرینەبەر.کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بەتەواوی تواناوە پشتگیری لەداخوازیەکانتان دەکات، هاوکات بەچاوی ئومێدەوە لە هەوڵوتێکۆشانتان دەڕوانێ وپێیوایە بەدرێژەدان بەو خەباتەی کەئێوە دەستتان داوەتێ وبەلێکگرێدانی لەگەڵ خەباتونارەزایەتیەکانی سەرجەم کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکێشدا، دەتوانرێ پێکەوە دۆخی ئیستا بەرەو ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان وخۆشگوزەران بەرین.

**سەرکەوێت هەوڵوتێکۆشانی جەماوەری ناڕازی بۆ بەدەستهێنانی نانو کار و باشبژێوی**

**کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

## پەیامی کۆنگرەی پینجەمی حزب بە گیراوەکانی بادینان و کەسوکاریان!

هاورێیانی زیندانی... کۆنگرەی پینجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سڵاوی گەرمی خەبات و بەرگریتان ئاڕاستە دەکات...

ئێوە کە زیاتر لەساڵێکە بە تۆمەتی پوچ و بێبناغە و بێ دادگایی لە زینداندا ڕاگیراوان، یان ئەوانەتان کە دوای زیاتر لەساڵێک و لە دادگایەکی سیاسی ناسەربەخۆدا

بەبڕیاری دەسترۆیشتوانی حزب هێڵرانەوە و لە ژێر گوشاری ناوخۆیی دەرەکیدا ئازادکراون، نیشانەی بەهێزی دەسەلات نییە، بەڵکو ترسە لە ڕاپەڕین و شۆڕشی بێبەشان لە پێناو دنیایەکی باشتردا.

دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد، کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە ڕێگای دەستبەسەراگرتنی داهاتی خەڵکی کوردستان و بەپشت بەستن بەهێزی چەکدار و خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکەوە درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان دەدەن، کەوتونەتە بەردەم نەفرەت و تورەیی جەماوەریەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو نارەزایەتیە بەرینتر دەبێتەوە، خواستەکانی زیاتر دەبێت و لە ئێستادا خواستی ڕامالینی ئەو دەسەلاتە، بوتە ویستێکی کۆمەلایەتی فراوان.

سەرکوتی خۆپیشاندانەکان، لە ڕێگای تۆمەت بەخشینەوە و سیناریۆ بۆسازکردن، نانبڕین و ڕاوەدوونان و زیندانی کردن، تا دەگاتە کوشتاری خۆپیشاندەران... بەلگەی دیکتاتۆر بوون و دژە ئازادی بوونی ئەو دەسەلاتەن و هاوکاتیش بەڵگەی مەرگی ئەو دەسەلاتە نیشان دەدەن.

ئێوە کە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی خۆتان و جەماوەری بێبەشی کوردستان، وە لەپێناو خواستە ڕەواکانیاندا بەشداریتان لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا کرد، نەک تاوانێکتان نەکردووە، بەڵکو بە ئەرکی خەباتکارانەی خۆتان بۆ خواستی زۆر ڕەواو سادە هاتونەتە مەیدان.

ڕۆڵی خەباتکارانەی ئێوە جێگای ستایش و پشتیوانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و تێکۆشەرە... زیندانی کردنی ئێوە، تۆمەت بۆ داتاشینتان، ڕاگرتنتان بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک بێ دادگایی، تا دەگاتە بە سیاسیکردنی دۆسیەکەتان و پرۆسەی دادگاییکردن، ترسە لە ئیرادەی ئێوەو جەماوەری فراوانی خەڵکی کوردستان.

ئێوە لەدڵی تورەیی و نەفرەتی ملیۆنی جەماوەریدا بە دژی دەسەلات، لەناو قەلا و قەلەمڕەوی دەسەلاتی پارتیدا، تەلیسمی ترس و تۆقاندنتان بەچۆکدا هێنا، و بوونە سمبولی ئازادی و ئازادیخوازی.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا لەگەڵ ئەوەدا پێداگری لەسەر ئازادی سیاسی بێ قەیدو شەرتی سیاسی، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوە، ئازادی بەیان و ڕادەربڕین دەکەینەوە، هاوکات جارێکی تر دوپاتی دەکەینەوە کە بەهەموو توانامانەوە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ ئازادکردن و قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی خۆتان و کەس و کارتان، تێبکۆشین و بەردەوام بین. وە هاوکات سلاوی خەباتکارانە ئاراستەی کەس و کارە تیکۆشەرەکەتان و تەواوی بەرەی ئازادیخوازو تێکۆشەری کوردستان دەکەین، کە سەربەرزانە بە ڕووی دەسەلات و تۆمەت و دادگا و سیناریۆکانیاندا، ڕاوەستاون.

**کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی**
**کرێکاریی کوردستان**
**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

## پەیامی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی!

هاوڕێیان هەڵسووڕاوان وسکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی!

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پەیامی پشتیوانیو پشتگیری تەواوی خۆی بۆ هەوڵ وتەقەلایەک کە ئێوە لە ڕاستای بەهاناوەچوونی خەڵکی ئاوارەو کۆچبەری کوردستان لەئەستۆتان گرتوە، دەنێرێ ولە کەنارتاندا ڕادەوەستێت. خەباتێک کە ئێوە بۆ ڕزگارکردنی کۆچبەرانی کوردستان لەمیحنەتێک کە تێی کەوتون هاوکات هەوڵەکانی ئێوە بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری ودەستراگەیشتنی پەنابەرانی کوردستان بەژیانێکی ئاسودە و هەوڵەکانتان بۆ گێرانەوەی تەرمی قوربانیەکان بۆ لای کەسوکاریان و کۆمەکتان بە دیپۆرتکراوەکان تا ژیانیکی ئاسایی دەستپێبکەنەوە....لەپاڵ کارە مرۆڤدۆستانەکانی ترتاندا، بۆ ئێمەو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان جێگای تەقدیرو ستایشە.

هاوڕێیان!

ئێمە وخەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوە کەدیاردەی ئاوارەیی و کۆچ و ڕووکردنە هەندەران، کردەیەکی ئیجباریەو خەڵکی کوردستان بەهۆی دەسەلات و سیستمێکەوە کەچینی دەسەلاتدار بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا دایسەپاندووە و ئەوانی ڕووبەڕوی بێکاریو گرانیو سەرکوتو دەیان دەردەسەری تر کردۆتەوە، هاوکات خودی ئەوەی کەدەوڵەتانی ئەوروپا وسیاسەتەکانیان ئەم ناوچەیەیان کردۆتە مەیدانی جەنگو کاولکاری و نائارامی، دیاردەی کۆچ وپەنابەریان کردۆتە بژاردەیەکی ناچاریلەبەردەم خەڵکی کوردستاندا. لەدۆخێکی ئاواشدا، هەوڵو تێکۆشانی ئێوە بۆ دەربازکردنی گەنجان وخەڵکی ئاوارە و کۆچبەرلەو میحنەتو کارەساتەی کە تێیکەوتوون، بەهەق کارێکی ئینسانی و مەسئولانەیە. هەربۆیە خەباتێک کە ئێوە لەسەری ڕاوەستاون، بەشێکە لەخەبات وتێکۆشانی مەحرومانی کۆمەڵگا بۆ ڕزگاربوون لەدۆخی کارەساتباری ژێرسایەی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کوردو گەیشتن بە کۆمەلگایەکی ئارامو ئاسودەو خۆشگوزەران. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمەو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وەک چرایەکی پڕ ئومێد و سەنگەرێکی بەرگری، لەفیدراسیۆن وتەقەلایەک کەگرتویەتیەبەر دەڕوانین. پایەدار وبرەوداربێت هەوڵ وتێکۆشانتان..

**کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنیستی**
**کرێکاریی کوردستان**
**١٧ و ١٨ ی دیسێمبەری ٢٠٢١**

# سەرکەوتنی چەپی شیلی و نەخشی کرێکاران!

## نوری بەشیر

ئەم ئاڵوگۆڕەی شیلی لەبردنەوەی چەپەکان لە هەڵبژاردنی ئاخری ساڵی ٢٠٢١دا لە میدیاکانی ئەمریکای لاتین، میدیای بۆرژوازی لەئاستی ئەوروپا وەک بی بی سی و یۆرۆنیوز، میدیای چەپ لەئاستی دنیادا تا دەگاتە میدیای ولاتانی عەرەبی؛ لە عەرەبیە و جەزیرەوە لەگۆشەی جیاجیاوە وەک سەرکەوتنی چەپ و شکستی راستی بۆرژوازی لەو ولاتەدا ناویان برد. هەندێک "گابریل بوریکی" چەپی براوەی بە سۆشیالیست و کۆمۆنیست و هەندێکیتر بە چەپی نوێ و بەشێکیتر بە سۆسیال دیموکرات ناویان بردوە.

ئەم سەرکەوتنەی بەرەی چەپ و بەتایبەت گابریل بەرهەمی نارەزایەتیەکانی سێ ساڵی رابردوو بوو کە کۆمەڵگەی شیلی لە کرێکاران، قوتابیان، ژنان و کەمدەرامەتانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سێ دەیەیی دوای دەسەڵاتی پینوشێی سەرکوتگەری بۆرژوازیدا کە سەرکوت و کوشتارو برسیکردنی کردبووە نسیبی خەڵک، هاتبونەمەیدان. لەم سێ ساڵەی نارەزایەتیدا بەدەرەجەیەک کۆمەڵگا جەمسەرگیری چینایەتی بەخۆوە بینی، زۆرتر چەپەکانی لەبەردەم ئامادەیی زیاتر و هەتا رۆشنتر بوونەوەی کێشەکانی ناوخۆیان و ناچارکردنی کۆنگریسی چیلی بۆ ریفراندۆم لەسەر دەستورێکی نوێ و ئاڵوگۆر لە دەستورێک کە دریژکراوەی دەستوری سەردەمی "پینوشێی" دژی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان بوو. کۆبوونەوەی زۆربەی چەپەکانی شیلی لە هاوپەیمانی چەپەکاندا و وەستانەوەی زۆربەی کۆمەڵگە بەرامبەر سیاسەتی بۆرژوازی و نیولیبرالیزمەکەی و بەتایبەت بەشداری زیاتری کرێکارانی کانەکان لە دەنگداندا وایکرد دەورەی دووەمی هەڵبژاردنی لەبەرژەوەندی چەپەکان بێت و "بوریکی" لاو سەرکەوتنی بەدەستهێنا بە ٥٦٪ لەبەرامبەر لە ٤٤٪ شکستی ئەنتۆنیۆ کاست وەک نوێنەری بۆرژوازی و راستی کۆمەڵگە. ئەمە تولەی کرێکاران و خوێندکاران و ژنان بوو لە دەسەڵاتی دژی ئینسانی بۆرژوازی و سەرمایەداران و نیولیبرالیزمەکەیان.

ئەوەی گرنگە لەم هەڵبژاردنەی شیلیدا بەرەی چەپ سەرکەوتنی بەدەستهێناو دەسەڵاتی گرتە دەست، لەبەرئەوەی هەر لەم ساڵەدا لەژمارەیەک ولات چەپەکان دەنگیان چووە سەرەوە، بەڵام دەسەڵاتیان نەگرتە دەست. لەکاتێکدا چەپەکان لەشیلی لەبەرژەوەندی خەڵک دەنگ دەهێنن، سەرمایەداری لەدنیاداو بەتایبەت ولاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا، روسیا، چین و ئەوروپا خەریکی سازدانەوەی دەسەلاتەکانیانن و پشتگیری بۆرژوازین لە ولاتانی تردا، بۆ ئەمەش دەست بۆ دژی ئینسانیترین سیاسەتی کوشتارو برسیکردن و هێنانی دەسەڵاتی وەحشیگەری قەومی و ئیسلامین لەچەشنی هێنانەوەی تالیبان و سازدانەوەی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی لە سودان، عیراق، لوبنان، کوردستان و لیبیا دەبەن، بەڵام لە شیلی بەپێچەوانەوە هاتنەمەیدان و تولەی کرێکاران و قوتابیان و ژنان بوو کە بۆ بەرژەوەندی خەڵک و بۆ دەسەڵاتێک کە تێدا ئاڵوگۆر لەبەرژەوەندی خەڵک بڕواتە پێشەوەو سەرکوتی دژی ئینسانی سەرمایەداری پاشەکشەی پێبکرێت.

بەڵام خاڵێک کە بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان گرنگە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە لەپاڵ ملیۆنان خەڵکی دنیاو شیلیدا ئەم سەرکەوتنەی چەپ کە سەرکەوتنی جەماوەری ملیۆنی شیلەیە خۆشحاڵمان دەکات، بەڵام نابێت خۆشخەیاڵ بین و ئەم سەرکەوتنەی هەڵبژاردن بەکۆتایی سەرکەوتنی کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەت بزانین.

لەجیهاندا لەم چەند ساڵەی رابردوودا زۆرگۆرانکاری روویاندا، بەڵام لەبەرژەوەندی خەڵک نەبوون. هەندێ لە چەپەکان هێزیان گرت، بەڵام بەردەوام نەبوون. بردنەوەی "سریزا" لەیۆنان وەک حزبێکی چەپ هاتە دەسەڵاتیش، بەڵام نەیتوانی سەرکەوێت. هەموومان چەپی ناو حزبی کرێکارانی بەریتانیامان بینی کە هاوبەشی دەسەڵات بوو هێزی زۆریشی گرت، بەڵام لەبەرئەوەی چەپێکی ریفۆرمیست بوو لەبەرامبەر سیاسەتی بۆرژوازیدا کە حزبی پارێزگاران بوو خۆی نەگرت و خراپ پاشەکشەی کرد.

گابریل بوریک لە خۆپیشاندانەکاندا بە دروشمی: من بە کەرامەتی مرۆڤ دەنگ دەدەم و بەدوایدا لە دەورەی هەڵبژارندا بەبەڵێنی چاکسازی لە کەمکردنەوەی کاتژمێری کار لە ٤٥ بۆ ٤٠ کاتژمێر، دژی ناعەدالەتی، چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی و خانەنشینی و لەیەکەمین قسەیدا دوای هەڵبژاردن وتی: شیلی پێگەی نیولیبرالیزم بوو لەمەودوا دەبێتە گۆڕەکەی.

ئەم وتەیەی دوایی بوریک وەک دروشم گرنگە، بەڵام لەواقیعیکدا کە بۆرژوازی و سەرمایەداران زۆرێک لەجومگەکانی کۆمەڵگایان لەدەستدایە، دەسەڵاتی بوریک یش لەناو پەرلەمان و چوارچێوەی سیاسەتی بۆرژوازیدایە، دەسەڵاتی بانکی نێودەوڵەتی و دەخالەتی بۆرژوازی لە دنیادا، ئەگەر ئەو وتەیە نەکاتە پراکتیک بۆ ئاڵوگۆری ریشەیی کۆمەڵگە، ئەوا شیلی نەک نابێتە گۆری نیولیبرالیزم بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە خاڵی کۆتایهێنانی نارەزایەتیەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردو.

لێرەدا تەنها قسە لەسەر ئەوە نیە کە چەندە هێزی بۆرژوازی دەبێتە دواوە یان دەیروخێنیت، بەڵکە قسە لەسەر ئەوەیە کە خۆت چی لەجێگای دادەمەزرێنیت. لەهەلومەرجی ئێستادا بوریک و دەسەلاتە چەپەکەی گرنگیەکەی لە هاتنەسەر دەسەلات ئەوەیە کە فەزای دیکتاتۆری سەرکوتی بۆرژوازی دەچێتە دواوەو فەزای ئاوەڵای سیاسی بۆ کرێکاران و کۆمۆنیستەکان دێتە پێشەوە کە بتوانن هێزی تێدا بگرن، لەوانە زەرورە کرێکارانی سەرتاسەری شیلی هەم لەرێکخراوی کرێکاری خۆیاندا سازماندراو بن هەمیش کۆمۆنیستەکانیش حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاریی خۆیان پێکبهێنن و مۆری خۆیان بدەن لەو دەورەیەو شوراکانی خۆیان لەگەرەک و کارگەکاندا سازبدەن بۆ دەسەلاتداریتی جەماوەری و کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی و سەرمایەداران.

★